## فاتح شێخ:

# فیدرالیزم شکستی خواردووەو سەربەخۆیی چارەسەرێکی گونجاوە



***سەبارەت بە گرژییەکانی نێوان بەغداو هەولێرو مەسەلەی کەرکوک و ئایندەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغداو چەند تەوەرێکی دیکە، کوردستان راپۆرت دیمانەیەکی لەگەڵ فاتح شێخ سیاسەتمەداری کورد و ئێران و سکرتێری مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران (حکمەتیست) سازداوە و ئەمەش پوختەی وەڵامەکانیەتی:***

**سازدانی: نامق هەورامی**

**کوردستان راپۆرت:** لە ئەنجامی دەنگدانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر ماددەی 24 کە تایبەتە بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک گرژی لە نێوان بەغداو هەرێمی کوردستان دروست بوو، کە دواتر سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی چوونە کەرکوک، ئێوە دەرەنجامی ئەم گرژییە چۆن لێک دەدەنەوەو بە کوێ دەگات؟

**فاتح شێخ:** لە 22 /7/ 2008 وە کێشەی نێوان بەغداو هەولێر لەسەر کەرکوک دروست بووە، ئەمەش جاڕدانی مەرگ و شکستی پرۆسەی فیدراڵییە لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا، ئەمڕۆ ناکۆکییەکە لە نێوان دوو بەرەی بەهێزدایە، ئەویش بزوتنەوەی ناسیونالیستی عەرەبی ئیسلامی و بزوتنەوەی میللی کوردە لە کوردستان. عێراق لە بنەڕەتدا دەسەڵاتی ناوەندی لە پێنج ساڵ لەمەوبەرەوە لەسەر تەرازووی هێز لە نێوان بزوتنەوە واقیعییەکانی ئەو کاتی عێراق دامەزراوە و ناوی فیدراڵی لێنرا کە لە بنەڕەتدا ناوێکی واقیعی نەبوو، تەوافوقێک بوو لەسەر تەرازووی هێزەکە و تەرازووەکەش لاسەنگ بوو، بۆیە تەوافوقەکە تێکدەچێت. ئێستا بزوتنەوەی ناسیونالیستی عەرەبی ئیسلامی لە عێراق پێیانوایە توانیویانە خۆیان یەک بخەنەوە و دەیانەوێت پاشەکشە بە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بکەن. راستە مەسەلەکە لە کەرکوکدا بەرجەستە بووە، بەڵام لە واقیعدا مەسەلەکە لاوازکردنی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانە و ئەمەش شکستی پرۆژەی فیدراڵیزمە کە بانگەشەی بۆ دەکرێت. فیدراڵیزم لە عێراقدا مەسەلەیەکی بێ بنەما بوو. ئەوەی لە کوردستاندا هەبوو دیفاکتۆ بوو، نەیاندەتوانی ئینکاری بکەن و دەستی بۆ بەرن، بەڵام کە ئێستا کەمێک خۆیان رێکخستووەتەوە، دەیانەوێت شکستی پێ بهێنن. دەبینین لە لایەن هەندێک لە هێزە ئیسلامییەکانی سەر بە ئێران پێشنیاری فیدراڵییەتی ناوەڕاست و باشوور دەکرێت، بەڵام دڵنیام ئەمە ناچێتە نێو ئەجێندای کاری حکومەتی عێراقەوە. ئەم مەسەلەیە کە ئێستا هەیەو لەسەرکەرکوکە، لە بنەڕەتدا کەرکوک بەشێکی ئەو کێشەیە، بەشەکەی تری خودی دەسەڵاتی هەرێمە، لەسەر مەسەلەی کەرکوک هەندێک هێزی ناسیونالیستی ئیسلامی ناو پەرلەمانی عێراق پێیانوایە ئیتر پێویست بە تەوافوقات ناکات و نابێت کەرکوک بکەوێتە سەر هەرێمی کوردستان و بە ئاشکرا ئەمەیان راگەیاندووە، لەوانەیە لە ئاییندەدا لەسەر خانەقین و شوێنەکانی تر هەمان کێشە دروست بکەن.

ئەوەشمان لە یاد نەچێت نالەباریی بارودۆخی ئەمریکا لە عێراقدا و شکستەکانی سیاسەتی ئەمریکا کاریگەری لەسەر هاوپەیمانەکانی هەیە لە عێراقدا کە دەسەڵاتی کوردی لە پێشەوەی ئەو هاوپەیمانانەی ئەمریکادایە لە ناوچەکەدا و ئەوانیش لە دارمانی ئەو هەیمەنەیەی ئەمریکا زەرەرمەند دەبن، هەروەها دەستێوەردانی ئێران و تورکیا تەوازنی هێزی بە قازانجی دەوڵەتی ناوەندی عێراق گۆڕیوە، لە ئەنجامی ئەم گۆڕانەدا مەسەلەی 22 /7 روو دەدات و زیاتر ئاراستەکان روون دەبنەوە و دەیانەوێت ئەو ناوچە تازە ئازادکراوانەی لە دەرەوەی دەسەڵاتی هەرێمدان، بگێڕنەوە سەر حکومەتی ناوەندی و نایانەوێت بخرێنەوە سەر دەسەڵاتی هەرێم. لە داهاتووشدا لەو باوەڕەدام بە هاوکاری تورکیا و ئێران دەیانەوێت تەواوی شارەکانی هەرێمی کوردستانیش بخەنەوە سەر حکومەتی ناوەندی و شکست بە ئەزموونی هەرێم بدەن، پراکتیزەی ئەم ئامانجەش لە داهاتوودا دەردەکەوێ. مانگی هەنگوینی تەوافوقاتی نێوان هەرێم و بەغدا تەواو بووەو لە هەموو شتێکدا خۆی نیشان دەدات وەک مەسەلەی بودجە و نەوت و مەسەلەی پێشمەرگەو ...هتد، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت کە فیدراڵیزم تێکشکاوە.

**کوردستان راپۆرت:** ئەگەر فیدراڵیزم تێکشکاوە و کۆتایی هاتووە، ئەی ئەلتەرناتیڤ چییە؟

**فاتح شێخ:** فیدراڵیزم لە عێراق بە بڕوای من تێکشکاوە، دواتر ئایا سەربەخۆیی کوردستان پرۆژەیەکی واقیعی تر نییە لەو فیدراڵییەتە؟ ئایا هەرێمی کوردستان لە 2003 دا کە لکێنرایەوە بە عێراقەوە لە بەرژەوەندی گەلی کوردستان بوو؟ دەبێت وەڵامی ئەم پرسیارنە بدرێتەوە، کاتێک ئەمریکا لە 2003دا لەشکرکێشی کردو رژێمی بەعس رووخا 13 ساڵ بوو هەرێمی کوردستان بە دیفاکتۆ جیا بوو لە عێراق، لکاندنەوەی دووبارەی بە بەغداوە کارێکی ناشیاو بوو، هەروەها لەم لکاندنەوەیە پرس بە گەلی کوردستان نەکرا و بەو ئاکامە دەگەین کە هاوبەشی دەسەڵاتی کوردستان لەگەڵ بەغدا شتێکی ترەو خواستی گەلی کوردستان شتێکی ترە. پرۆژەی سەربەخۆیی کوردستان پرۆژەیەکی واقیعییە و ئێستا کات لە بارە بۆ بزواندنی هەستی سەربەخۆیی، ئەوە لەبارترەو خەڵک ئەوە دەخوازێت.

**کوردستان راپۆرت:** سەرکردایەتی کورد هەمیشە ئەوەیان دووپات کردووەتەوە کە جێبەجێکردنی دەستوور زامنی یەکگرتوویی عێراقە، ئێستا دەستوور وەک پێویست کاری پێناکرێت، سەرکردایەتی کورد چی بکات باشە؟

**فاتح شێخ:** نازانم و ناتوانم وەک سەرکردایەتی کورد قسە بکەم، بەڵام وەک خۆم کە بۆ گەلی کوردستان قسە دەکەم، لەوێدا نزیکەی 4 ملیۆن خەڵک هەیەو لە ساڵی 1991 ەوە لە عێراق جیان و ئەم جیابوونە واقیعە، لە 2003 بەملاوە زیاترو زیاتر بووە لە رووی ئابووری و ژیاری و کلتوورەوە خەڵکی کوردستان لە خەڵکی بەشەکانی تری عێراق جیاوازە، زیاتر لە نیو سەدەشە لە نێوان بزوتنەوەی میللی کوردو بزوتنەوەی فاشیزمی عەرەبی عێراقدا هەمیشە کێشە هەبووە، ئەم دوو کۆمەڵگەیە لە رووی سیاسی و مێژوویشەوە جیاوازن و هەمیشە ئەوان ئەمانیان جینۆساید کردووە، کەواتە بەیەکەوە لکاندنەوەی ئەمانە کارێکی نادروستە لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و لە رووی یاسایشەوە، دەبینین نەوەیەک لە کوردستان پێگەیشتووە کە حکومەتی بەغدای نەدیوەو هەقی خۆیانە داوا بکەن کۆمەڵگەکەیان بەرەو رەوتێکی تر بڕوات، ئەویش رەوتی سەربەخۆییە کە بزوتنەوەی ریفراندۆمدا بینیمان نزیکەی (2) ملیۆن ئیمزا کۆکرانەوە، کاتێک لە پەنای سندوقەکانی هەڵبژاردنی 2005 سندوقی نافەرمی بزوتنەوەی ریفراندۆم دانران و 98 % ی ئەوانەی دەنگیان خستە ناو ئەو سندوقانەوە داوای سەربەخۆییان کردووە، داکۆکی کردن لەسەربەخۆیی پارێزگاریکردنە لە ژیانی خەڵک لەو کۆمەڵگایە، چۆن نەوت و کارەبا و ژیانی باشتر هەقی خەڵکە، بەو جۆرەش سەربەخۆیی مافی خەڵکی ئەو ناوچەیە، پێویستە وانەبێت گوێ بدرێت بەوەی کە ئەمریکا یان تورکیا یان مالیکی چی دەوێت، گوێنەدان بە مانای وەلانانی هەلومەرجە سیاسییەکان نییە، بەڵام بزوتنەوەیە، ئەگەر وەک بزوتنەوەیەکی جەماوەی بکەوێتە رێگە، دڵنیام رێگەی خۆی و ئامانجی خۆی دەدۆزێتەوە. ئەگەر لەسەر ئەم پرۆژەیە شکست خواردووەی فیدراڵیزم بمێننەوە پێدەچێت هێز لە دژی یەک کۆبکەنەوە و شەڕ رووبدات و ژیانی خەڵکی سیڤیل بکەوێتە مەترسییەوە و مێژوو دووبارە بێتەوە.

**کوردستان راپۆرت:** وەک شارەزا و پسپۆڕێکی سیاسی ئاییندەی کەرکوک چۆن دەبینی؟

**فاتح شێخ:** کێشەی کەرکوک بە پرۆژەی فاشیلی فیدراڵی چارەسەر ناکرێت، کێ دەڵێت بە پرۆژەی سەربەخۆیی کوردستان ناتوانێ کێشەی کەرکوک چارسەر بکات؟ کێشەی کەرکوک بە کام یەک لەم پرۆژانە سەرکەوتوو دەبێت، فیدراڵییەتێکی شکست خورادووی خەڵک نەویست، یان سەربەخۆییەک کە خەڵکی دەنگی بۆ داوە؟ لە ئێستاوە لە چوارچێوەی عێراقی ئێستا و ئەم تەوافوقانەی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی مەرکەزیدا هەیە، بەتایبەت نە تورکیا و نە ئەمریکا و نە UN کە هیچکامێکیان مەیلی گەڕانەوەی کەرکوکیان نییە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، کەواتە ئەم مەسەلەیە بە هەڵپەسێردراوی دەمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر پرۆژەی سەربەخۆیی کوردستان بچێتە پێشەوە، ئەوا کێشەی کەرکوک وەک بەشێک لە کێشەی میللی کورد و ناوچە کورد نشینەکانی عێراق لە رێگەی ریفراندۆمەوە چارەسەر دەبێت. بۆ ئەم هەنگاوەش بزوتنەوەیەکی جەماوەری باشی دەوێت و پێویستە بۆ خاوکردنەوەی ئەو کێشەیەی لە نێوان هەولێر و بەغدا هەیە، دوور کەوینەوە لە وروژاندنی مەسەلەی ناسیونالیزم و رێگەی لۆژیکی بگرینەبەر. چارەسەری کێشەی کەرکوک بەوە دەبێت کە خاکەکەیان سەر بە هەرکوێ بێت ئەوە ئەوان لە مێژە بەیەکەوە ژیان دەکەن و دەبێت ژیانی هاوبەشی بپارێزرێت. عێراق لە درێژەی تەمەنی خۆیدا هەمیشە گۆڕەپانی گەشەپێدانی بیری ناسیۆنالیستی توندڕەو بووە، دەبێت لە کەرکوک هێزی عەقڵ باڵادەست بێت نەک هێزی چەک.

دڵنیام لە دوای مەسەلەی بەغدا و هەولێر لە نێوان شیعە و سوننەشدا کێشەی زۆر گەورە روودەدات. بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە دڵنیابین کێشەی کەرکوک وەک ئەوەی ئێستا هەیە لەنێوان بەغدا و هەولێردا چارەسەر ناکرێت و بەشەڕی خوێناویش لەبەرژەوەندی کەسدا نییە. بە بڕوای من ئەگەر پرۆژەی سەربەخۆی کوردستان بەزربکرێتەوە، دڵنیام کێشەی کەرکوکیش چارەسەر دەبێت بەبێ گرفت و خوێن رشتن.